---

## بۆکان لە کتێبی مانای ژیانم




نووسینی: کوبرای عەزیمی دا

### گوێزانەوە بۆ بۆکان

ساڵی 1354 ی زایینی بوو کە من و سەیدقادری هاوسەرم وەک هێندێک مامۆستای تر گواستمانەوە بۆ بۆکان و لە قوتابخانەیەکی ئەوێ دەستمان بە کار کرد. دایکم لەگەڵمان نەهات و پێی خۆش نەبوو لە مهاباد دورکەوێتەوە . ماپەرەخانمی کچیشمان کە منداڵ بوو لای خەسووم مایەوە. ئەودەم ئاغای مەحمودی سیدقی لەوێ بەرێوەبەری پەروەردە بوو. زاراخانمی نیک نەفس و مێردەکەی ، ئاغای ئەحمەدی مەنگوڕی (حوسێن زادە) ش لەوێ دەژیان . جاروبار پاش کار ، پێکەوە کۆ دەبووینەوە و کاتێکی خۆشمان بە سەردەبرد. زاراخانم ژنێکی زۆر خوێن شیرن ، شۆخ و شەنگ و قسەخۆشە . مروف قەت لە دانیشتن لەگەڵی وەڕەز نابێت. هەر لە منداڵیەوە تاکوو ئێستاش کە هەردووکمان پیر بووین وازی لە قسەی خۆش نەهێناوە. لە بیرمە تازە سۆپای عەلادین کە بۆ گەرم کردنی ناوماڵ لە زستاندا بە کار دەهێندرا ، هاتبوە بۆکان و زۆر باو بوو. هەم ئێمە و هەم ماڵی زاراخانم سەرو دانەمان هەبوو. رۆژێک ئاغای مەنگوڕی و هاوسەرەکەم چووبوون نەوت بکرن. ئاغای مەنگوڕی لە دوکاندارەکە دەپرسێ نەوتی عەلادینتان هەیە ؟ تا ماوەیەکی جەفەنگمان لێدەدا و پێدەکەنین و دەمانگوت جا بۆ نەوتی عەلادین لە نەوتی تر جیاوازە ؟ هێندێک جار ئاغای مەنگوڕی پێی تووڕە دەبوو بەڵام هێندەی پێنەدەچوو هێمن دەبۆوە. دەیزانی هەر بۆ خۆشیمانە و هیچ مەبەستێکی ترمان نیە.

بۆکان شارێکی بچوک و پڕ ئاو بوو . لە شار بچوکتر و لە دێ گەورەتر بوو ئەو دەمی بە شار حیساب نەدەکرا و پێیاندەکوت قەسەبە(شارەدێ). تاقە یەک شەقامی تێدابوو. سەرێکی دەچوو بۆ رێگای میاندواو و سەرەکەی تریشی بۆ سەقز. لە پەراوێزی ئەو شەقامە نزیک بەری سەقز ، حەوزێکی گەورە لە سەر کانی دروست کرابوو کە ئاوەکەی زۆر سارد و خاوێن بوو و بۆ خواردنەوە دەبوو . خەڵکی بۆکان لە بەری حەسابوونەوە . ئەو ئاوە بە هێندێک لە ماڵەکانیشدا دەڕۆیشت.

ماڵی حاجی توباخانمی کچی حاجی ساڵحی مەکەیی ناسراو بە حاجی ساڵح کەوگیری و میرزا عەلی حەڵەبی لە بۆکان بوو. ئاوی حەوزە گەورە بە حەوشەی ئەوانیشدا دەڕۆیشت و زۆر ئاوەدانی کردبوو. حاجی توبا خانم و میرزا عەلی ناسیاوی لە مێژینەمان بوون بە تایبەت حاجی توبا خانم هەر لە زووەوە ناسیاوی دێرینەمان بوو. نێوانمان خۆش و لێک نزیک بووین. وەک لە پێشەوە بۆم باسکردوون لە کاتی لێقەوماندا ماڵی حاجی ساڵحی کەوگیری بە خاوخێزانەوە پشتیان بەرنەداین و زۆر بە رێز و حورمەتەوە لەگەڵمان

دەجوولانەوە . لەگەل هەموو کچەکانی حاجی سالح دەستە خوشک بووین و یەکترمان زۆر خۆشدەویست جا بۆیە هاموشۆیەکی گەرممان هەبوو. زۆربەشیان دوای مێردکردنیان لە بۆکان نیشتەجێ ببوون. میرزا عەلی خاوەنی سەلیقەیەکی باشی بازرگانی بوو. چاک ئاگاداری داواکارییەکان و پێویستیەکانی خەڵکی بۆکان و دەوروپشتی بوو بۆیەش توانی لە کار و کاسپی خۆیدا زۆر سەرکەوتوو بێت. پیاوێکی سەرورووخۆش بوو جا ئەوەش هێندەی دیکەلە سەرکەوتنیدا لە کار و پیشەکەی یارمەتی دابوو.

لە بۆکان توانیم بەو ئاواتەم کە فێر بوون و خەتمی قورعان بوو بگەم. لای مەلایەک دەرسی قورعانم خوێندکە زۆرجار لە فاتیحا بێ بەشی ناکەم. هیوادارم جێگای بەهەشت بێت کە منی لەو عیلمە بەهرەدار کرد. لە دواییشدا لەگەڵ خوێندنەوەی تەفسیرەکانی خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەریس توانیم زیاتر پەرە بە زانیاریەکانم لەو بابەتەوە بدەم.

من ئەو کاتە زگم بە سیمینی کچم پڕبوو . کاتی لە دایک بوونی مامانێکیان بۆ هێنام کە ژنێکی بە ساڵاچوو بوو ، خەڵک بە نەنە بانگیان دەکرد ، نێویم لە بیر نەماوە. ئەودەمی باو نەبوو ژن بۆ منداڵبوون بچنە خەستە خانە ، هەر لە ماڵەوە بە یارمەتی مامانێک منداڵیان دەبوو . دەتوانم بڵێم کە ئەو ژنانە هەموویان بە کار فێری مامانی ببوون نەک بە خوێندن.

نەنەی رەحمەتی یارمەتی دام و کچێکم بوو . هەر کە چاوی بە کۆرپەکە کەوت ، بە ماتی کوتی کچت بووە . ئەمن بە خۆشحاڵیەوە شوکری خودام کرد ، ئەویش زۆری پێ سەیر بوو و لێی پرسیم : توخوا نارەحەت نی کچت بووە ؟ منیش کوتم نا بە پێچەوانەوە ، زۆریشم پێخۆشە. چەند رۆژ کە پێچوو هێندێک دۆست و ناسیاومان بانگهێشتن کرد و مەلایەکیشمان هێنا تا بانگ بە گوێی سیمینیدا بدا کە چی بۆ منداڵەکانی ترم تەنانەت بۆ سەلاحی کوڕیشم کە منداڵی نۆبەرەم بوو نە جێژنمان بۆ گرت نە بانگیان بە گوێی دادا.

لەو سەردەمەدا باخچەی منداڵان نەبوو تا بتوانین منداڵی لێدانێین . دیارە بە دەگمەن ژن کاری دەرەوەیان دەکرد .ئەو خێزانانەی ژن و پیاو هەردووکیان لە دەرەوە کاریان دەکرد ، دەبوایە بۆخۆیان چارە سەرێک بۆ ئاگالێبوونی منداڵەکانیان بدۆزنەوە بەڵام باشیەکە ئەوە بوو کە ئەودەمی یەک وەجبە لە قوتابخانە کارماندەکرد ، یان لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ ، یان دوانیوەڕۆ تا ئێوارە جا بۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەم وامان بڕیاردا کە یەکمان بەیانیان دەجووە سەرکار و ئەوی تریش دوای نیوەڕۆیان . هەرچەند ئەو کاتە زۆرکەم هەڵدەکەوت پیاو خۆیان خەریکی منداڵەکانیان بن بەڵام بە خۆشیەوە ئێمەبەم جۆرە توانیمان کاری دەرەوە دەگەڵ گەورەکردنی منداڵەکانمان پێکەوە بگونجێنین.

ماوەیەک لە بۆکان کرێگرتەی ماڵی خوشکی هونەرمەندی بەرێز ،حەسەن زیرەکبووین. خوشکەکەی جاروبار دەهاتە لام و زۆر بە شانازیەوە باسی براکەی بۆ دەکردم. دەیکوت دەنگی کاکی هێندە هێندە خۆشە . رۆژێکیان لە نێو قسە و باسەکاندا کوتی : دەزانی کاک حەسەنم بە تەمایە بەو زوانە بێتەوە و سەرمان لێدا .

ئیشاڵڵا بە خێر و سلامەت دەگاتەوە و چاو و دڵتان روون دەبێتەوە .

زۆر مەمنوون جا داوای لێدەکەین گۆرانیمان بۆ بڵێ دەنگی زۆرخۆشە.

هێندەی پێنەچوو کاک حەسەن زیرەک نازانم لە تاران یان کرماشان یان لە گەرمێنەوە ، گەڕاوە بۆ بۆکان . دایک و خوشکی زۆری پێ دڵخۆش بوون . خوشکی پێی گوتبوو کە چەندە باسی دەنگخۆشی وی بۆ کردووین . رۆژێک هەمووومان کۆ ببوینەوە داوامان لە کاک حەسەن زیرەک کرد گۆرانیمان بۆ بڵێ . کاک حەسەنیش دەستی بە گۆرانی کوتن کرد و مەجلیسەکەی بە دەنگی خۆشی خۆی گەشاندنەوە . خوشکیشی لە پەناوە زۆر کەیفی پێدەهات. پاشان دوای چەند رۆژێک کە حەسەن زیرەک رۆیشتەوە ، خوشکی لێی پرسیم دەنگی کاک حەسەنمت پێ چۆن بوو ، منیش بە شۆخی کوتم دەنگی ئەوەندەش خۆش نیە کە تۆباست دەکرد . وای زانی بە راستیمە و کوتی : کوبرا خانم چۆن دڵت دێ وابڵێی؟ گوتم نانا گاڵتەم کرد . دەنگی یەگجار خۆشە. خودا راوەستاوی کا.

## کارەساتی بۆکان

لە دوامانگی زستانی 1981 ی زاییندا ئاگادار کرام کە حیزبی دێمۆکرات لە بۆکانێ هیرشی کردۆتە سەر بنکەی پەیکار . وەک بۆیان گێڕامەوە مەفرەزەیەکی حیزبی دێمۆکڕات کە کەریم خاڵداریشیان لەگەڵ دەبێ بە ئارپی جی بنکەی پەیکار دادەگرن . لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشمەرگەیەکی پەیکار بە ئاڵای سپیەوە دێتە بەر پەنجەرە تا بەو جۆرە نیشان بدا کە داخوازی شەڕ نین بەڵام وەبەر گوللانی دەدەن و یەکجێ دەکوژرێ. سەرجەم سێ پێشمەرگە دەکوژرێن . نەمران باقی خەیاتی خەڵکی مهاباد ، تاهیر ئیبراهیمی خەڵکی بۆکان، مەحموود ئیبلاغیان ناسراو بە کەماڵ ، لوڕ و خەڵکی بروجرد . سەرەڕای ئەوەش بیست و چوار پێشمەرگە کە لە ناو بنکەکەدا دەبن بە دیل دەگیرێن. لە دڵی خۆمدا ئەو پرسیارانەمدەکرد. تۆ بڵێی ئەوانەی کە فەرمانی هێرشیان بۆ سەر بنکەی پەیکار دابوو و ئەوانەی کە خوێنی پێشمەرگەیان رشتووە ، ئازار نەچێژن؟ هەر کە باسەکەم بیست بەرەو بۆکان وەڕێکەوتم . ئاشکرا بوو کە بەداخەوە ئەو دەنگ و باسە دڵتەزێنە راست بوو. سارەی کوڕم داوای لێکردم بچمە لای ناسیاوی قەدیمی و هاوشاری خۆمان کاک جەلیلی گادانی . خۆم گەیاندە بنکەی حیزبی دێمۆکڕات لە بۆکانێ و بە هەزار زەحمەت و پاڕانەوە ئیزنیان دام تا کاک جەلیل ببینم. لە نێوانی وتوویژەکەماندا پێمکوت تێناگەم چۆن حیزبی دێمۆکڕات پێشمەرگەی رێکخراوێکی تر دەگرێ و دەیکوژێ ،ئەوە شەرمەزاری نییە بۆ کورد؟ وڵامی کاک جەلیل بۆنی ئەوەی لێدەهات کە گوایە پەیکارییەکان دژی حیزبی دێمۆکرات دەجووڵێنەوە. گوتم رەخنە گرتن مانای دژایەتی نییە . وڵامی رەخنە بە ئارپی جی نادرێتەوە . لە نێوان وتووێژەکەماندا ئەو پرسیارەشم لە کاک جەلیل کرد باشتر وانەبوو حیزبی دێمۆکرات ئەو هێزەی کە بۆ کوشتن و چەککردن و زیندانی کردنی پێشمەرگەی پەیکار بە کاری هێناوە ، دژ بە پاسدارەکان بە کاری هێنابا؟ لە درێژەی قسەکانمدا کوتم : لە هیچ شوێنێک کە ئاڵای سپیت بە دەستەوە گرت گوللەت پێوە نانێن کە چی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات رێزیان لە ئاڵای سپیش نەگرتووە و بە ئارپی جی بنکەکەیان داگرتووە. لە کۆتایی قسە و باسەکەماندا کاک جەلیل بەڵێنی دامێ کە بە زووترین کات بەوکارە رادەگا و هەوڵی خۆی دەدا. هەر سێک پێشمەرگەکە دوای دوو رۆژ لە بۆکانێ نێژران ، هەر لەوێش سەرەخۆشیان بۆ دانان و منیش چەند رۆژ لە بۆکان مامەوە و لە غەم و پەژارەی بنەماڵەکانیاندا بەشدار بووم. لەوە دڵتەزێنتر نیە کە پێشمەگە خوێنی پێشمەرگە برێژێ . لەوە ناخۆشتر نیە کە رۆڵەی کورد بە دەست کورد بکوژرێ . بە داخەوە دوژمنیش زۆر لەوە کەڵک وەردەگری ، جا هەلی لەوە باشتریشیان بۆ هەڵناکەوێ ، بە بێ ئەوەی هیچ زەحمەت و ماندووبوونێک بە خۆیان بدەن کورد

خۆبە خۆ سەری یەکتر پان دەکەنەوە. ئیدی پێویست ناکا دوژمن لە ناومان بەرێ. هەر خۆمان یەکتر تەفرو تونا دەکەین.

لەو سەرەبەندەشدا ئەمن هەر لە هاتووچۆی نێوان مهاباد و ورمێ دا بووم. لە بۆکانەوە سەرێکی مهابادم دا و لەوێش را چوومە ورمێ . دیسانەکە حەول و تەقەلاماندا ئیزنمان بدەن محەمەدی کوڕم ببینین . بە خۆمان و بە کیسەیەک میوەوە دەچووینە بەر دەرکی بەندیخانە ، جاری وابوو هەر کیسەکەیان لێوەردەگرتین و نەیاندهێشت کەس ببینین . ئەو دۆخە ناخۆشە زیاتر لە دوو مانگان درێژەی هەبوو و هەر ئیجازەی دیتنی کوڕەکەمیان نەدامێ.

سەرەنجام دوای زیاتر لە دوومانگ لە زیندانی دەریای ورمێدا کاتی دادگای رواڵەتیی محەمەد هات . ئەو رۆژە دەگەڵ کاک س/ ع چووینە بەر دەرگای بەندیخانە و چاوەڕێی وڵامی دادوەرمان دەکرد . پاش چەند کاتژمێرێک وتیان زامنیان دەوێ و کاک س/ ع بوو بە زامن و محەمەد ئازاد کرا . وامدەزانی جارێکی تر محەمەدم بۆتەوە .